# کاریگەریی جەنگی حەماس و ئیسرائیل لەسەر هاوکێشە سیاسییەکانی بەغدا

(ئیسرائیل دەرفەتی قۆستۆتەوە و میلیشیا وەلائییەکانیش ڕووداوەکان بەخێرایی پێش دەخەن)

**پرۆفیسۆر دکتۆر سەردار قادر محیەدین**، شارەزا لە یاسای دەستووری و دیپلۆماسییەتی قەیران

**وەبەرهێنان لە هاوکێشەیەکی سیاسیدا**

ڕووبەری جوگرافیی کەرتی غەززە 365کم چوارگۆشەیە، کە دەکاتە 1.33%ی هەموو ڕووبەری دەوڵەتی ئیسرائیل کە 22145 کم چوارگۆشەیە، درێژییەکەی 41کم و پانییەکەی 6- 12 کم، سنووری لەگەڵ دوو وڵات هەیە: ئیسرائیل و میسر؛ لەگەڵ ئیسرائیل درێژیی سنوورەکەی بریتییە لە 51کم، لەگەڵ میسریش 11کم، ژمارەی دانیشتووانی زیاترە لە 2.23 ملیۆن کەس. لەو ژمارەیە 1.4 ملیۆن لە دانیشتووانەکەی ئاوارەی ناوچەکانی تری ئیسرائیلن، کە پەنایان بۆ کەرتی غەززە هێناوە؛ نزیکەی 40%ی دانیشتووانی، تەمەنیان لە خوار 15 ساڵیدایە. کەشوهەوایەکی شێدار و گەرمی هەیە، زۆرترین ڕێژەی باران لە نێوان مانگی نۆڤەمبەر و فێبرایەردا لێی دەبارێ؛ لە باکوورەکەی دەگاتە نزیکەی 400 ملم و لە باشوورەکەیشی نزیکەی 255 ملم. کەرتی غەززە تا ساڵی 1918 لەژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکاندا بوو، دواتر بریتانییەکان لە 1918 تا 1948، دوای ئەوانیش تەسلیم بە میسرییەکان کرا تا ساڵی 1967؛ لە شەڕی 1967، ئیسرائیل، لەگەڵ نیمچەدوورگەی سینا دەستی بەسەردا گرت. بەپێی ڕێککەوتننامەی نێوان ئیسرائیل و فەڵەستینییەکان لە ئۆسلۆ لە ساڵی 1993 ناسراو بە ئۆسلۆ یەک، ئیسرائیل جۆرێک لە خودموختاریی دایە کەرتی غەززە و کەرتی ڕۆژاوا. هەر لە ساڵی 2005ەوە ئیسرائیل بەتەواوی لە کەرتی غەززە نەما و تەسلیمی فەڵەستینییەکانی کرد.

کەرتی غەززە هەمیشە مایەی سەرئێشە و ماندوویێتی بووە بۆ ئیسرائیل. هەر لە ساڵی 1987ەوە چەندان ڕاپەڕین و خۆپیشاندان لە دژی ئیسرائیل کران. لە 15/8/2005 تا 12/9/2005 بە فەرمانی سەرۆکوەزیرانی ئەوکاتی ئیسرائیل، ئاریێل شارۆن، تەواوی هێزەکانی ئیسرائیل لە کەرتی غەززە کشانەوە و 21 ئۆردوگای جوولەکەنشین و بارەگا سەربازییەکانیشی لەوێ نەهێشت. لە 25/1/2006 فەڵەستینییەکان هەڵبژاردنی پەرلەمانییان ئەنجام دا؛ لە ئاکامدا حەماس لە کۆی 132 کورسی، 74 کورسیی بەدەست هێنا. لەسەر دەسەڵات و ئەجێنداکەی ڕێک نەکەوتن؛ ئەوە بوو لە ساڵی 2007 حەماس دەستی بەسەر کەرتی غەززەدا گرت و لەو کاتەوە حوکمڕانیی تێدا دەکات. هەر لەو کاتەیشەوە کەرتی غەززە لەژێر گەمارۆی وشکانی، دەریایی و ئاسمانیی ئیسرائیلدایە. کەرتی غەززە بە مەودا و هێڵی ئاسمانی، نزیکەی 72 کم لە پایتەختی ئیسرائیلەوە دوورە.

حەماس بەرەبەیانی 7/10/2023 ڕۆژی شەممە (کە پشووە لە ئیسرائیل)، زیاتر لە 3000 مووشەکی بە ئیسرائیلەوە نا، 2500 چەکداری فەڵەستینییش لە کەرتی غەززەوە بە ئۆتۆمبێل چوونە ناو ئیسرائیلەوە و چەندان شوێنیان گرت؛ لە ئاکامیشدا زیاتر لە 1400 ئیسرائیلی کوژران. جەنگەکە نزیک بۆتەوە لە مانگێک

و بەردەوام بەرەو هەڵکشان دەچێ، بەڵام پرسیارە جەوهەرییەکە ئەوەیە: ئایا بزووتنەوەی حەماس پشتیان بە چی قایم بوو، تا جەنگێکی مەیدانی لەسەر ئاستی چەند بەرەیەکی جەنگ، نەک شەڕی پارتیزانی ئەنجام بدەن؟ چونکە ئەوان باش دەیانزانی کە کاردانەوەی ئیسرائیل چۆن دەبێ! جگە لەوەیش، دەیانزانی وڵاتانی ئیسلامی و عەرەبی هیچ یارمەتییەکیان نادەن. تەنیا ئەوەندە نەبێ کە دەیانزانی تەواوی دەوڵەتانی ڕۆژاوا بە هەموو شێوەیەك هاوکاری، پشتیوانی و یارمەتیی ئیسرائیل دەدەن.

هەر بۆیە لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ، بزووتنەوەی حەماس کردەوە سەربازییەکەی لە دوو حاڵەت تێ ناپەڕێ: یان پێیان کردووە و لە ڕووی سیاسییەوە هەڵخەڵەتێنراوە- باشترین بکەری سیاسییش بۆ ئەو بابەتە پێ دەچێ ئێران بووبێ، چونکە ئەو جەنگە لە توانا و قەبارەی حەماسدا نییە-، یان ئەوەیە لەلایەن خودی ئیسرائیلەوە پەڵکێش کرابێ و ڕاکێشرابێ تا ئەو کارە بکات، بۆ ئەوەی دواتر ئەوەی کە خۆیان دەیانەوێ لە هاوکێشە سیاسییەکان و سەربازییەکان لە دەرەوە و ناوەوەی ئیسرائیلدا وەبەرهێنانی تێدا بکەن. ئەوەی ڕووی داوە تەنیا مەبەست لێی حەماس نییە و پریشکەکەی بەرەو لوبنان و عێراق و یەمەن و سووریاش دەڕوا، چونکە ئیسرائیل ئەو دەرفەتە دەقۆزێتەوە بۆ:

- لەناوبردنی تەواوی ژێرخانی سەربازی و سیاسی و ئابووری و جوگرافیی بزووتنەوەی حەماس لەناو خاکی ئیسرائیل.
- دەرفەتێکە بۆ گوشارخستنە سەر فەڵەستینییەکان تا بە بیرۆکەی دوودەوڵەتی ڕازی بن، بەو شێوەیەی کە ئیسرائیل دەیەوێ.
- دەرفەتێکە بۆ لەناوبردنی هەرچی دەکرێ لە ژێرخانی سەربازی و سیاسی و ئابووری و جوگرافیی "حزبوڵڵای لوبنانی"ی سەر بە ئێران.
- لێدانێکی خێرا و جەرگبڕ لە هەندێ شوێنی ستراتیژی لەناو ئێران، بەتایبەت بۆ سەر دامەزراوە ئەتۆمییەکانی.

گواستنەوەی فەڵەستینییەکان بەرەو باشوور، بەتایبەت بۆ بیابانی نەقەب. ئەو پرۆسەیەیش بەپێی بەڵگەنامە نهێنییەکانی بریتانیا پێش زیاتر لە پەنجا ساڵ بڕیاری لەسەر دراوە؛ هەرچەندە پێشتر هەوڵی گواستنەوەیان دەدرا بۆ عەریشی میسر. بەپێی بەڵگەنامەکانی بریتانیا، حوسنی موبارەکی سەرۆککۆماری پێشووتری میسر، بەوە ڕازی بووە، بەرانبەر ڕێککەوتنێکی سەرتاسەریی چارەسەرکردنی ناکۆکییە ستراتیژییەکانی نێوانیان و یەکلاکردنەوەیان لەگەڵ ئیسرائیل و بەستنی ڕێککەوتننامە. هەر بۆیە هێزەکانی ئیسرائیل لە باکووری غەززەوە هێرش دەکەن نەک لە باشوور، ئەویش بۆ ئەوەی دانیشتووانەکەی غەززە بەرەو باشوور بخزێن و غەززە چۆڵ بکەن؛ تەنانەت ئاسانکارییشیان بۆ دەکرێ و لە باشوور هاوکارییش دەست دەکەوێ، بەڵام لەگەڵ ڕۆیشتنیان جارێکی دی ناهێڵدرێ بگەڕێنەوە غەززە.

**میلیشیا وەلائییەکان کەی پریشکەکانی جەنگ دەگەیەننە بەغدا؟**

هەر لە سەرەتای کەوتنەوەی جەنگەکە، میلیشیا وەلائییەکان لەگەڵیدا کارلێکیان کرد؛ دیار بوو پێشوەختە دەرکیان بە هەڵگیرسانی ئەو جەنگە کردووە، ئەگەر خۆیان هۆکار نەبووبن. بەڵام ئاماژەکان ئەوە دەسەلمێنن، کە لەو بابەتە تێوە گلاون؛ مەبەستیشیانە بەزوویی بەرەو هەڵکشان بچێ و تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگرێتەوە. بەڵام ئیسرائیل و وڵاتانی ڕۆژاوا- کە پشتیوانی سەرسەختی ئیسرائیلن- ئەو پەلەیان

نییە. میلیشیاکان مەبەستیانە ئەو گوشارە سەربازییەی کە لە داهاتوودا دەکەوێتە سەر ئێران، بەسەر تەواوی نیمچەدوورگەی عەرەبیدا دابەشی بکەن، ئەویش لە پێناو مانەوەی ئێران بەبەهێزی. هەر بۆیە لە تەواوی ناوچەکە ئیسرائیل و هێزەکانی ئەمریکا بە ئامانج دەگیرێن و بەنیازیشن تەواوی دەوڵەتانی ناوچەکە تێوە بگلێنن. پریشکەکەش گەیشتۆتە عێراق؛ عێراقیش بۆ ئەو مەبەستە خۆی ئامادە کردووە و هەندێ بەڵگەنامەی دزەپێکراوی ڕۆژی 3/11/2023ی ئەمینداری گشتیی نهێنییەکانی وەزارەتی بەرگریی عێراق بە ژمارە ق 3/61/29480 کە لە 28/10/2023دا دەرچووە، بڵاو بوونەوە، کە باس لەوە دەکەن حکوومەتی عێراقی وەک ڕێوشوێنی پێشوەختەی جەنگ لە خۆئامادەکردندایە. هەندێ بۆچونی تریش وای بۆ دەچن، کە دزەپێکردنی ئەو بەڵگەنامەیەی وەزارەتی بەرگریی عێراق لە پێناو بەرەوهەڵکشانی زیاتری بە ئەنقەست لەلایەن میلیشیا وەلائییەکانەوە دزەی پێ کراوە، ئامانجیشیان هەرچی دەکرێ دوورخستنەوەی مەترسییەکانە لەسەر ئێران.

**سەرۆکوەزیران سوودانی لە هەڵوێستێکی دژواردایە**

تا هەنووکە هەڵوێستی سوودانی لەمەڕ جەنگی غەززە لە سێ ڕەهەند تێ نەپەڕیوە: ئیدانەکردنی جەنگەکە، تۆمەتبارکردنی ئیسرائیل، ئامادەیی حکوومەتەکەی بە ناردنی کۆمەکی بۆ خەڵکی غەززە. هەڵوێستەکەی حکوومەتی عێراقی لە کۆمەڵەی گشتیی گەلان، جۆرێک لە دڵەڕاوکێی تێدا بوو؛ یەکەم جار عێراق دەنگی بە بڕیارەکە نەدا، بەوەی پرۆژەبڕیارەکە هەندێ تەوەرەی تێدایە کە لەگەڵ هەندێ یاسای وڵاتەکەی یەک ناگرنەوە، بەڵام دواتر لەژێر گوشاری میلیشیاکان و بۆ ڕازیکردنیان هەڵوێستی خۆی گۆڕی بۆ ڕازیبوون؛ بەڵام دوای دوو کاتژمێر لە دەنگدان لەسەر بڕیارەکە، بەوەی هەڵەیەکی هونەری بووە، نەک پرەنسیپ. لەو سەروبەندەوە حکوومەتی عێراق مەبەستی بوو لە نێوان ئێران و ئەمریکا نێوەندێک بگرێت. هەر وایشی کرد؛ تەنانەت ئێرانییەکان هیچ کۆمێنتێکیان لەسەر هەڵوێستەکەی عێراق نەبوو، گەرچی خۆیان لە دەنگدەرانی بڕیارەکە بوون؛ هەرچەندە دەنگنەدانی عێراق بە بڕیارەکە، تەواو پێچەوانە بوو لەگەڵ هەڵوێستی سوودانی لە کۆنگرەی قاهیرە.

سودانی مەبەستیەتی حکوومەتەکەی بەردەوام بێت و لە جەنگەوە تێوە نەگلێت، هەر بۆ ئەو مەبەستەیش بەڵێنیی بە ئەمریکا دابوو لەسەرەتای پێکهێنانی حکوومەت، نەهێڵێ میلیشیاکان هێرش بکەنە سەر پێگەکانی ئەمریکا. هەر بۆیە هەڵوێستی حکوومەت و سەرۆکوەزیرانەکەی بەرانبەر جەنگ لە غەززە هەماهەنگن و هیچ ناکۆکییەک لە نێوانیاندا لە ئێستادا نییە؛ بەو شێوەیەیش دەمێنێتەوە تا پریشکەکە نزیک دەبێتەوە، چونکە ئەودەم ڕای ئێران گوزارشت لە حکوومەت دەکا نەک سوودانی. لە لایەکی تریشەوە سوودانی مەبەستی نییە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا دووچاری گرژی و ناسەقامگیری ببێتەوە؛ بۆ ئەو مەبەستەیش ڕۆژی 25/10/2023 باڵیۆزی ئەمریکا، ئیلیانا ڕۆمانسکی، سەرلەنوێ بانگهێشتی حکوومەتی عێراقی کردەوە بۆ شەراکەتی ستراتیژی. ئەوەیش تەواو دژە لەگەڵ میلیشیا وەلائییەکان.

**کەواتە ئێستا لە عێراق لەمەڕ بارودۆخەکە چەندان هەڵوێست هەن:**

- سوننەکان ئیدانەی جەنگی ئیسرائیل دژ بە فەڵەستینییەکان دەکەن، بەڵام بانگەشەی هەڵکوتانە سەر پێگەکانی ئەمریکایان نییە.
- کورد ئیدانەی جەنگەکەی کردووە و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دەبێ چارەسەری گرفتەکە

بەپێی یاسای نێودەوڵەتی بکرێ و، لە جەنگەکەیشدا یاسای نێودەوڵەتیی مرۆیی لەبەرچاو بگیرێ؛ پێویستیشە نەک هەر هێرش نەکرێتە سەر پێگەکانی ئەمریکا، بەڵکوو دەبێ عێراق نەکرێتە گۆڕەپانی جەنگ بۆ یەکلاییکردنەوەی هاوکێشەکان.
- شیعەکان لەم ساتەدا یەکهەڵوێست نین: میلیشیا وەلائییەکان زۆربەیان بانگەشەی هێرش بۆ سەر ئەمریکا دەکەن و کردووشیانە، هەندێکی تر لە وەلائییەکان وای دەبینن کە ئەو هەڵوێستە بەزوو دەزانن و کاتی نەهاتووە تەنها هەڕەشە دەکەن، چوارچێوەی هەماهەنگی لە حکوومەتدا هیچ هەڵوێستێکی دژ بە ئەمریکا ڕانەگەیاندووە و، بە ڕاشکاوییش ئەو هەڵوێستە ئاڵۆزە بە کاولکەر بۆ عیراق لێك دەدەنەوە، بەڵام ڕەوتی سەدر داوای داخستنی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا لە حکوومەت و پەرلەمان دەکات، لە حاڵەتی نەبوونی وەڵامیش هەڕەشە دەکات؛ بەڵام بانگەشەی هێرشکردنە سەر پێگە و نێردە دیپلۆماسییەکان ڕەت دەکاتەوە؛ ئەوانەیشی دەستیان بۆ ئەو کارە بردووە یان بەنیازن، بە میلیشیا دزێوەکان ناویان دەبات.

**بەڵام ئەوەی کە گرنگە لەو بوارە، ئەوەیە کە:**

- تا ئێستا هاوکێشەکە ئەوەندە هەڵنەکشاوە، تا حکوومەتی عێراقی هەڵوێستی یەکلاکەرەوەی خۆی دەربڕێ، تەنیا هاوهەنگابوونە و هیچی تر.
- تا ئێستا ئێران بەکردەیی نەهاتۆتە ناو بابەتەکەوە و نەبۆتە لایەنی جەنگەکە. بە هاتنەناوەوەی ئەمریکا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، حکوومەتی عێراقی هەڵوێستی دیار و یەکلاکەرەوەی دەبێ، چونکە زۆرینەی حکوومەت لە چوارچێوەی هەماهەنگی، وەلائیی ئێرانن.

کەواتە نە حکوومەتی عێراقی و نە وەلائییەکانی سەر بە ئێرانیش لە چوونە ناو جەنگ جددی نین، تەنیا ئەوەندە نەبێ لەگەڵ بارودۆخەکە دەڕۆن و مەبەستیانە لەم قۆناغەی ئێستادا مەترسی لەسەر ئێران دوور بخەنەوە؛ بەڵام ئەگەر لەلایەن ئیسرائیل و ئەمریکاوە دژ بە حزبوڵڵا پەرەی پێ درا، ئەودەم زیاتر جددییەت وەردەگرن. لە لایەکی تریشەوە ڕۆشنە کە هەڵوێستی سوودانی بە هەڵوێستی میلیشیاکان گەمارۆ دراوە، نەک ئیرادەی سوودانی و حکوومەتەکە.

**هەڕەشەکانی سەدر دژوار و جددی نین**

هەر لە سەروبەندی هەڵوێستەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل دەرهەق بە خەڵکی فەلەستین و وەک پشتیوانییەک بۆ حەماس، ڕێبەری ڕەوتی سەدر ڕۆژی هەینی (27/10/2023) داوای لە حکوومەت و پەرلەمان کرد ڕێوشوێنی داخستنی باڵیۆزخانەی ئەمریکا بگرنە بەر، دەنا کاردانەوەی دەبێت و خۆی قۆڵی لێ هەڵدەماڵێ! بەڵام هەر زوو لەلایەن حکوومەت و خودی چوارچێوەی هەماهەنگییەوە وەڵامی نێگەتیڤانەی درایەوە؛ وەڵامی حکوومەت ئەوە بوو: حکوومەت داخستنی باڵیۆزخانەی ئەمریکا بە هەموو شێوەیەک ڕەت دەکاتەوە؛ بەئاکامگەیاندنی ئەو کارە وڵات بەرەو کاولی دەبات. هەرچی چوارچێوەی هەماهەنگییشە لە وەڵامدا پێیان وت: چوارچێوە پەیمانێکی بە ئەمریکا داوە کە هێرش نەکەنە سەر هێزەکانیان، پەیوەندییەکانیش لەگەڵ ئەمریکا بە ڕێککەوتنە؛ ئێمەیش بەوەوە پابەندین. پێویستە عێراق بەرژەوەندیی خۆی پێش هەمووان بخات. هاوکێشە ناوخۆیی و ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان بۆ چوارچێوەی هەماهەنگی جیاوازن بە بەراورد لەگەڵ سەدر؛ ئەم حکوومەتە هی چوارچێوەی هەماهەنگییە نەک سەدر. ئەگەر

ئارەزووی داخستنی باڵیۆزخانەکەیش دەکەی، فەرموو پێشمان کەوە.

**ئەگەر سەدر ڕژد نییە، ئەی مەبەستی چییە؟**

- نواندنی هەڵوێستی پێویست لە بەردەم ڕای گشتیی عێراقی و جیهانی ئیسلامی، بەوەی کە هەر ئەوان بوون داوای داخستنی باڵیۆزخانەیان کرد؛ هەر ئەوان بوون داوای مانگرتن و خۆپیشاندانیان کرد لە سەرتاسەری جیهانی ئیسلامی؛ هەر ئەوان بوون داوایان لە دەوڵەتانی دراوسێی ئیسرائیل کرد بۆ گەیاندنی یارمەتی بە خەڵکی غەززە، کە سنوورەکانیان بەڕووی لایەنگرانیدا بکەنەوە، تا بڵێن هەر ئێمە بووین پرۆژەیاسای قەدەغەکردنی پەیوەندیمان لەگەڵ ئیسرائیل دەرکرد.
- بۆ تەریقکردنەوەی چوارچێوەی هەماهەنگی لە بەردەم ڕای گشتی و کەوتنە هەڵەوە.
- دروستکردنی جۆرێک لە پشێوی و ئاژاوە لەسەر ئاستی حکوومەت و پەرلەمان، بەتایبەت ئەگەر بارودۆخەکە بەرەو هەڵکشان بچێ؛ چونکە ئەو هەڵوێستە لەو کاتەدا پەرلەمان و حکوومەت دووچاری پەرتبوون دەکات،
- لە کاتی هەر جووڵەیەکی چوارچێوەی هەماهەنگی بۆ کاردانەوە دژ بە ئەمریکا، تەواوی بەرژەوەندییەکان و حکوومەتەکەی دەکەوێتە مەترسییەوە؛ ئەوکاتیش باس لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی پێشوەختە دەکرێ کە لە بەرژەوەندیی سەدر دەکەوێتەوە.
- کەوتنەوەی ئاژاوە لەم ساتەدا، بە مانای دواخستنی هەڵبژاردنی پارێزگاکان دێت؛ دواخستنی هەڵبژاردنیش واتە دروستبوونی چەندان قەیران لە عێراق و ناو حکوومەت و تەنانەت ناو خودی چوارچێوەی هەماهەنگی.
- هەڵوێستەکەی سەدر بۆ داخستنی باڵیۆزخانە، گەرچی هەر خۆی لە بەرژەوەندیی ئێرانە، بەڵام لە ڕووی ستراتیژییەوە تەواوی بەرژەوەندییەکانی ئێران لە عێراق و ناوچەکە دەخاتە مەترسییەوە.

بێ گومان نە حکوومەت و نە چوارچێوەی هەماهەنگی وەڵامی ئەرێنییان بۆ سەدر پێ نییە، ئەی کەواتە سەدر لە بەرامبەر ئەو هەڵوێستەیان چی دەکات؟ پێ ناچێ سەدر هیچ کاردانەوەیەکی کرداریی هەبێت جگە لە خۆپیشاندان و نوێژی هەینی و هەندێ گوتاری زبر و هەڵکشاو لەم قۆناغەدا، بەڵام لەگەڵ هەڵکشانی هاوکێشەکان هەڵوێستەکانی زبرتر دەبن؛ دووریش نییە سەرایا سەلامی باڵی چەکداری بە بیانووی پێویستیی قۆناغەکە بژیێنێتەوە. لە لایەکی تریشەوە هەڵوێستی سەدر تەواوکەری هەڵوێستی هەماهەنگیی ئێران دەبێ، ئەگەر هات و قەوارەی شیعە لە عێراق و ناوچەکە کەوتە مەترسییەکی جددییەوە. هەر بۆیە نە ئەمریکا و نە کورد و نە سوننە و نە دەوڵەتانی ناوچەکەیش گرەو لەسەر هەڵوێستی سەدر ناکەن و پشتی پێ نابەستن، تەنیا بۆ هاتنەسەر شەقام و هەڵکشانی هاوکێشەکان نەبێ.

**ئەی چوارچێوەی هەماهەنگی بەتەمای چییە؟**

چوارچێوەی هەماهەنگی لە هەڵوێستێکی زۆر دژواردایە؛ لە قۆناغێکی ڕاگوزەردایە و، زۆر بەهەستیارییەوە ڕەفتار دەکات، ئەگەرنا ڕەوتەکە و حکوومەتەکەی و بەرژەوەندییەکانی ئێرانیش دەخاتە مەترسییەوە. تا ئێستا هیچ هەڵوێستێکی کرداریی زبری بەرامبەر ئەمریکا ڕانەگەیاندووە. دەیەوێ کات بقۆزێتەوە تا زیاتر هاوکێشەکان پێ بگەن. لە لایەکی تریشەوە تا ئێستا ئێران لەوە زیاتری لێیان داوا نەکردووە، هەر بۆیە لەو

ڕووەوە زۆر ئاسوودەن. هەڵوێستەکانیان لەگەڵ حکوومەت هەماهەنگن. سوودانییش لەو بارەیەوە هیچ نیگەرانییەکی دەرنەبڕیوە، چونکە باشترین بیانوو ئەوەیە کە تا ئێستا پێویستیی لەوە زیاتری نییە بۆ هەڵوێستوەرگرتن. سوودانییش نایەوێ نە حکوومەتەکەی دووچاری قەیران بێت و نە بەرژەوەندییەکانی ئێران و ئەمریکاش بکەونە مەترسییەوە.

بەڵام ئەوەی جێی دژوارییە ئەوەیە کە، زۆربەی میلیشیا چەکدارە وەلائییەکان هی چوارچێوەی هەماهەنگین و بەشدارن لەسەر ئاستی حکوومەت و پەرلەمان و دامەزراوە هەواڵگری و گشتییەکانی وڵات. هەندێک لەوان هەر لە یەکەم ڕۆژەوە جاڕی شەڕیان دژ بە ئەمریکا دا و هەر لە مانگی تشرینی یەکەم، زیاتر لە 29 جار لە عێراق و سووریا هێرشیان کردۆتە سەر پێگەکانی ئەمریکا و، بانگەشە و هەڕەشەی زیاتریش دەکەن لە مانگی یازدەدا. حکوومەتەکەی سوودانی بە هەڵوێستی هەماهەنگی و میلیشیاتەکانیان دەورە دراوە؛ تەنانەت ئەو هەڵوێستە لەرزۆکەی عێراق لە کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لەژێر کاریگەریی میلیشیا و بۆ ڕازیکردنیان بوو. کەواتە ئێستا حکوومەتەکەی سوودانی لە هەڵوێستێکی شەرمەزارکراودایە، کە جگە لە هەڵوێستە گشتییەکان هیچی تری پێ ناکرێ. ئەوەی کە جێی وەبیرهێنانەوەیشە ئەوەیە کە کورد و سوننە کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لەسەر هەڵوێستی حکوومەت نابێ لە قۆناغەکانی داهاتوودا و، هەر زوو حکوومەت خۆی بۆ بەرەی ئێران یەکلایی دەکاتەوە و، دەبێتە لایەنێک لە لایەنەکانی جەنگ دژ بە ئەمریکا.

ئەوەی کە ئێستا دەگوزەرێ و حکوومەتی تەریق کردۆتەوە، هێرشەکانی میلیشیاکانە بۆ سەر پێگەکانی ئەمریکا، بەتایبەت کە ئێستا ئەمریکا ڕای گەیاندووە بەوەی لە ساتی هەر هێرشێک بۆ سەر بارەگاکانمان زۆر بەتوندی وەڵاممان دەبێ. ئەمەیش هاوکێشەکان بەرەو هەڵکشان دەبات و هەڵوێستی حکوومەت زۆر ئاڵۆز دەکات. لە لایەکی ترەوە هەندێ بەرەی میلیشیایی، کە خۆیشیان بەشدارن لە حکوومەت، سیاسەتیان ناکۆك و پێچەوانەیە لەگەڵ حکوومەت و، تەنانەت هەندێ لایەنی شیعیی ناو چوارچێوەی هەماهەنگی (وەک عەسائیبی ئەهلی هەق)، نەک هەر دژی ئەمریکا کار دەکەن وەک میلیشیا، بەڵکوو ڕۆژی 29/10/2023 لەگەڵ نوێنەری حەماس لە بەغدا کۆ بوونەتەوە و بەڵێنی هەموو هاوکارییەکی پێ داون. گەرچی نوێنەری حەماس لەگەڵ هەماهەنگی کۆ بۆتەوە، بەڵام سەردانی سەدری نەکرد. دوور نییە هەندێ شانەی کەتائیبی قەسام لە عێراق و سووریا و یەمەن دروست بکەن، وەک چۆن لە لوبنان دروستیان کردووە. هەر بۆیە ئاڵۆزی لە هەڵوێستی هەماهەنگییشدا دروست بووە، بەوەی کە باڵیۆزخانەی ئەمریکا داناخەن و لە ڕێککەوتنیان لەگەڵ ئەمریکا بەردەوامن و دەیانەوێ عێراق لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا بەردەوام بێ، بەڵام میلیشیاکانیان هێرش دەکەنە سەر ئەمریکا و بەردەوام هەڕەشەی لێ دەکەن.

**چارەنووسی وەلائییەکان و سەدر لە پاش جەنگ چی دەبێ؟**

ئەوە جۆری جەنگەکە و ئاکامەکەی، بەرەنجامەکە دەگۆڕێ: ئەگەر ئێران بەبێ زەرەر لە جەنگەکە چووە دەرەوە و وەک بکەرێکی بەهێز مایەوە، ئەوا چوارچێوەی هەماهەنگی مەرجەکانی خۆی بەسەر هەموو لایەنەکاندا دەسەپێنێ، بە کوردیشەوە. ئەمەیش کارێکی ئاسان نییە ئەگەر ویستی ئەمریکا و ئیسرائیلی لەسەر نەبێ بۆ ئێران. ئەگەر وابوو، ئەوا جۆرێک لە هەماهەنگی لە نێوان ئێران و ئەمریکادا هەیە سەبارەت بە هاوکێشە نوێیەکانی ناوچەکە؛ بەپێچەوانەوە ئەگەر ئێران لەم گۆڕانکارییانەدا دووچاری شکست هات، ئەوا هەماهەنگییش دووچار دەبێ و هەڵوێستیان لە عێراق لاواز دەبێ. ئەودەم سوننە و کورد سوود دەبینن، حکوومەتێکی ڕاگوزەریش پێک دەهێندرێ و بانگەشەی هەڵبژاردنێکی پێشوەختەی پەرلەمان دەکەن؛ بەڵام

سەدر دەبێتە پێشەنگی ڕەوتە شیعییەکان و هەموویان لای خۆی کۆ دەکاتەوە و لە چوارچێوەیەکی یاساییدا دەورەیان دەدا. ئەو دەم لە جیات لەناوچوون، ئێران بە ڕێبەریی سەدر بۆ ڕەوتە شیعییەکان لە عێراق ڕازی دەبێت، تا ئەو ساتەی توانای هەستانەوەیان دەبێ. هەر بۆیە ئەگەر حزبوڵڵا و ئێران و ڕووسیا بە زەرەرێکی کەمەوە لەم جەنگە چوونە دەرەوە، ئەوا سەرکەوتوون و ئەمریکاش دووچاری شکست هاتووە و هەژانێک لە پەیوەندییەکان و هەژموونی ئەمریکا لە ناوچەکە و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لێ دەکەوێتەوە و، هاوپەیمانەکانیش دووچاری نیگەرانیی تەواو دەکات و دەروازەیەک بۆ پشتکردنە ئەمریکا دەکرێتەوە.

**سیناریۆکان لە ئەگەری ڕوودان یان ڕوونەدانی جەنگ لەنێوان ئێران و ئەمریکا سەبارەت بە هەرێم و پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەغدا چی دەبن؟**

**لە ساتی ڕوونەدانی جەنگ:**

- پەیوەندییەکانی هەرێم و بەغدا لەسەر هەمان شێوازی ئاڵۆزی و گرژیی چەندساڵەی پێشوو بەردەوام دەبێ.
- پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و عێراق ئاسایی دەبنەوە؛ ئەمەیش ئەوە دەردەخا کە پەیوەندییەکانی ئەمریکا و ئێرانیش ڕوو لە ئاساییبوونەوە دەکەن. لەو حاڵەتەیشدا کورد دەتوانێ وەک ناوبژیوان سوود لە ئەمریکا وەربگرێ.
- کەیسە جێناکۆکەکانی نێوان هەرێم و بەغدا بەخاوی دەڕۆنە پێش و حکوومەتی عێراق لەو بارەیەوە کات دەقۆزێتەوە.
- بەغدا زیاتر دەست لە کاروباری هەرێم وەردەدات و هیچ بەهایەک بۆ فیدراڵییەت و دەستوور دانانێ و زیاتر برەو بە ناکۆکی و ناڕەزایەتییەکانی هەرێم دەدات.
- دادگەی باڵای فیدراڵی، زیاتر دێتە ناوەوە و لە بەرژەوەندیی لایەنێکی هەرێم بڕیارەکانی دەردەکات. هەرچی زیاتر و زووترە مەبەستیەتی لە دەسەڵاتەکانی هەرێم کەم بکاتەوە.
- کاریگەریی نێگەتیڤی لەسەر هەرێم دەبێ، وەک بکەرێکی نادەوڵەتی لە ناوچەکە و لە ناوخۆی عێراق.
- هەرێمی کوردستان و کەیسە جێناکۆکەکانی لەگەڵ بەغدا، دەبنە کاڵای گەرموگوڕی پروپاگەندەکانی هەڵمەتەکانی پارێزگاکانی عێراق.

**کاریگەریی سیناریۆی ڕوودانی جەنگ لەسەر پەیوەندییەکانی بەغدا و هەرێم:**

- پەیوەندییەکانی عێراق لەگەڵ تورکیا و دەوڵەتانی کەنداو و ناوچەکە دووچاری قەیران دەبێ؛ ئەوکات هەرێمی کوردستان بۆ ئەو تۆڕە لە پەیوەندی، دەبێتە شوێنگرەوە.
- هەر یەکەیان دەبنە لایەنێک لە لایەنە سەرەکییەکانی جەنگ: بەغدا لە بەرەی ئێران و هەرێمیش لە بەرەی تورکیا و ئەمریکا دەبێت؛ بەدووریش نازاندرێ کە لەوانەیە هەر بەتەواوی دابڕان ڕوو بدا.
- ئەگەر کورد، بەتایبەت پارتی دیموکراتی کوردستان لەناو حکوومەتی بەغدا بمێنێتەوە، دووچاری گوشار و ئاڵۆزی دەبێت لە هەڵوێستەکانی لەسەر هەردوو ئاستی حکوومەت و پەرلەمان، چونکە هەندێ هەڵوێست و پرۆژەیاسا دێنە ئاراوە کە هەرێمی کوردستان خوازیاریان نییە و دەنگیان پێ نادا. لەو حاڵەتەیشدا کاریگەریی نێگەتیڤی لە پەیوەندییەکانی دەکات لەگەڵ میلیشیا وەلائییەکاندا.

- لە دووتوێی خاڵی یەکەمەوە، پێ دەچێ پشتیوانییە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان بۆ هەرێم زیاتر بن، بە هەمان شێوەی سەردەمی داعش.
- هەرێم لە بەردەم هەڕەشەیەکی مەترسیداری کاریگەری ئاڵۆزی میلیشیا وەلائییەکان و خودی ئێراندا دەبێ، چونکە هەرێم بەکرداری دەبێتە مەیدانی تەماسی ئێران و ئەمریکا.
- بۆ پاراستنی هەرێم، هێزە هاوپەیمانەکان دەبێ کەڤەری زۆنی پاراستنی ئاسمانی بۆ هەرێم زیاتر بکەن و، درۆن و هەندێ لە چەکی دژەمووشەک و بەرگریی ئاسمانی و وشکانی بە هەرێم بدەن.
- دوور نییە لە بێچارەیی و فراوانکردنی قووڵایی ستراتیژیی خۆی و هاوپەیمانان، هەرێم بە بڕیارێکی تاکلایەنانە و پشتیوانیی نێودەوڵەتی بچێتەوە ناوچە جێناکۆکەکان، بەتایبەت کەرکووک.
- هەناردنەکردنەوەی نەوتی هەرێم. ئەگەر عێراقیش ڕازی نەبێت، پێ دەچێ بە پشتیوانیی نێودەوڵەتی و تورکیا، بە بڕیاری تاکلایەنانە هەرێم ئەو کارە بکات.
- سنووری تەماسی ئێران و ئەمریکا زۆر نزیک دەبێتەوە؛ بە شێوەیەک دێتە کۆیە و پردێ.
- هەوڵی زیاتر دەدرێ بۆ تێکدانی سەقامگیریی هەرێم.